کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
31-10-2007 21:55بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**سەرەک کۆماری ئێراق و شالیاری دەرەوە بۆ بە کوردی ناپەیڤن... ؟! زاگرۆس زەردەشتی**

لە سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی داگیرکاری تورکیا عەلی باباجان بۆ ئێراق و دانوساندن



لەگەڵ سەرەککۆمار و وەزیری دەرەوەدا، ئەو کۆنگرە ڕۆژنامەگەریانەی کە لە شاشەی Tv کانەوە نیپشان دران. دەبێت مرۆڤ بە سەرنجەوە لەو وێنە و گفوگۆیانە رامێنێت. پێش ئەوەی کە رامان لەسەر وێنەکان بکەم، با سەرنجێک لە پێکهاتەی ئێستای دەوڵەتی ئێراقی (پەپکە) خواردوو بدەین.

لە دووای داگیرکردنی کوێتەوە لە لایەن دولەتی ئێراقی داگیرکارەوە، دووای سەرهەڵدان و رەوە ملیۆنیەکەی گەلی کوردستان، ناوچەیەکی ئازاد بۆ گەلی کوردستان لە پاشووری کوردستان لە لایەن هاوپەیمانانەوە پارێزگاری لێکرا. ئەو بەشەی کوردستان تا رادەیەک نیمچە سەربەخۆییەکی بۆ خۆی مسۆگەر کرد، مرۆڤ دەکارێت بێژێت:" دەسەلاتی دەڵەتی ئێراقی داگیرکار لەو ناوچە ئازادەدا گۆرەگوم بوو. "

تا سالی 2003 کە هێزی هاوپەیمانان، دەسەلاتی رژمێی فاشی سەددامیان لە نێوبرد.

لە هەڵبژاردنە سەراسەریەکەی خەڵکانی ئێراق و باشووری کوردستاندا، جارێکی تر گەلی باشوور کەوتەوە ناو گەمەی بە ئێراقی بوون و لە دەستوری ئێراقدا گەلی کورد بە دووەم گەلی سەرەکی لە ئراقدا ناسرا. لە هەمانکاتدا بیرۆکەی بە فیدرالی بوونی ئێراقیش پەسەندکرا. هەرچەندە تاکو ئێستاش بەتەنیا گەلی کوردە کە دەلێت (دەوڵەتی ئێراقی فیدراڵ) .. ؟! ئەوەی مەبەستمە کە بێژم ئەوەیە، کە گەلی کورد لە دەستوری ئێراقدا بە دووەم گەل پێناسە و دانپێدا نراوە. زمانی کوردیش بە کایەی خۆی، بەناو زمانێکی فەرمییە لە هەموو ئێراقدا و شانبەشانی زمانی ئارەبی دوو رووی دراوێکن... !

لە لایەکی تریشەوە سەرەککۆماری ئێراق و وەزیری دەوەی ئێراق، کە هەردووکیان کوردن، لە لیستی هاوپەیمانانی کوردستانن، بە واتایەکی تر ئەم دوو بەرێزە و گەلێک بەرێزی تریش لە (بەغا) نوێنەری گەلێکی ئەنفال کراو کوردستانێکی بە سوتماککرا و کیمیایی باران دەکەن. کەواتا ئەو بەرێزانە لە لایەن سەرانی دەوڵەتی ئێراقی ئارەبەوە خێریان پێنەکراوە.

ئەز دەمەوێت ئەوە بێژم، لەو کۆنگرە ڕۆژنامەگەرییەی کە لەگەڵ وەزیری دەرەوەی تورکیای کۆلۆنیال عەلی باباجان و مام جەلال و هاوکات هوشیار زێباری لە (بەغا) سازکرا، دەبوو بەرێز سەرەککۆمار (مام جەلال) بە زمانی کوردی قسەی بکردایە. زمانی شیرینی کوردی وەک ئامرازێک بەکاربیهێنایە. لەو نوێنەرە کەللەرەقەکەی تورکی بگەیاندایە و ناچاریبکردایە کە بە زمانی شیرینی کوردی گوێ بۆ سیاسەت رادێری و پاشان بۆی وەرگێرنە سەر زمانی تورکی.

گەلی کورد دەخوازێت بە پراکتیک رێز لە زمانەکەی بگیرێت، نەک تەنیا لە رووی یاساییەوە زمانی کوردی زمانی فەرمیی بێت لە ئێراقدا.

یان بەلایەنی کەمەوە ڕۆژنامە و TV کوردیەکان دەبوو ئەو هەستە نەتەوەییان هەبووایە، لە مەیدانی ئەو شەرە دبلۆماتیەدا ئامادە بوونایە و پرسیارەکانیان بە زمانی کوردی رووبەرووی وەزیری دەرەوەی تورکیا بکردایەتەوە. ئەو دەم یان ئەو وەزیرە فاشیە بە بیستنی زمانی کوردی شێتگیر دەبوو و کۆنگرە ڕۆژنامەکەی بەجێدەهێشت و لە چاوی کامێراکانی جیهانەوە، ئەوەی دەسەلماند کە تورک نەک هەر رێز لە کەسایەتی کورد و نوێەرەکانی کورد ناگرن، بەڵکو ئەمانە بە هەموو خانەکانی لەشیانەوە نکوڵی لە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بوونی گەلێکی 40 میلیۆنی و مافە سروشتیەکانی دەکەن. هەروەک چۆن ساڵی 2006 سەرەک شالیارانی تورک ئۆردوگان لە ولاتی دانمارک لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەگەری کە لەگەڵ سەرەک شالیارانی دانمارکدا گرتیان، راپۆرتوانێکیROJ TV ئامادەی ئەو کۆنفراسە رۆژنامەییە بوو. لە پرسیارێکیدا ئێردوگانی فاشستی سەخلەتکرد، ئێردوگان کەزانی ئەو راپۆرتوانە کوردە و کار بۆROJ TV دەکات، داوای لە لە سەرەک شالیارانی دانمارک کرد کە ئەو کەسە بکەنە دەرەوە، بەلام سەرەک شالیارانی دانمارک داخوازیەکەی ئێردوگانی دایە دوواوە و گوتی:" ئێمە ناتوانین کەس بکەینە دەرەوە و میدیا ئازادە. " سەرەنجام ئەو فاشییە کەللە پوتە قوشقی بوو، کۆنگرە رۆژنامەییەکەی بەجێهێشت. بەم کارەی راپۆرتوانیROJ TV رووی راستی فاشیانەو رەگەزپەرستی ئێردوگان لەلای نەک دەوڵەتی دانمارک، بەڵکو لە سەراسەری ئاوروپا و میدیای جیهانی ئاشکرا بوو.

دەبوو، کاک هوشیار زێباریش. لە دانشتنەکان و گۆنگرە رۆژنامەیەکەدا لەگەڵ وەزیری دەرەوەی تورک، زمانی کوردی وەک چەکێکی دیبلۆماتی بەکار بهێنایە.

ئەدی زمانی کوردی بەفەرمی لە دەستوری ئێراقدا نەناسراوە.. :؟

لۆ گەلی کورد دووەم گەلی ئێراق نییە.. !؟

ئەدی لۆچی شەرمە بە زمانی کوردی ئاخافتن.. ؟!.

ئەدی بۆ سەرانی دەوڵەتانی هەموو جیهان لە کۆڕو کۆبوونەوە نێو نەتەوەییەکاندا بەزمانی شیرینی دایکیان نائاخفێن... !؟

جۆرج بۆشی سەرۆکی ئامریکا لە چاوپێکەوتنێکی تایبەت بۆ کەنالی ئەرەبیە، دووای تەواو بونی لە چاوپێکەوتنەکە بە زمانی ئارەبی گوتی:"شوکرا" ئەوە رێکەوت نییە جۆرج بۆش وەک سەرۆکی دەوڵەتێکی مەزن، وا دەڵێت. بۆش گوێ لە راوێژکارەکانی دەگرێت، دەزانێت کە تەنیا و شەیەکیش چەند چەکێکی دیبلۆماتی و بەنرخە.

دەوڵەتی کۆلۆنیالی تورک ساڵی پار نەیانهێشت ئەو کیژە کوردە لە ولاتی سویدەوە بە فرۆکە بە هێڵی ئاسمانی تورکیا بفرێت. لەبەر ئەوەی ناوی کچەکە (کوردستان) بوو. ئەم هەڵوێستەی تورک لە رۆژنامەکانی سویددا، بلاوکرایەوە و گەلێک باڵکێش بوو. ئەوە راستیەکە کەمالیستەکان لە جوکەی زمانی کوردیش دەترسن.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە. چما زمان یەکێک نییە لە پێکهاتە گرنگەکانی هەر گەل و نەتەوەیەک... !؟

کورد دەبێت ئەوە باش بزانێت... کە زمانەکەمان بوونمانە... پێویستە لەسەر نوێنەرانی کورد، کە رێز لە زمانەکەمان بگرن.

بەرێزان ئێوە لە هەرکوێیەک بن دەبێت سمبوولی گەلێکی ئەنفال و خاکێکی سوتماک و زمانێکی ئەنفالکراو مان بن.

دەنا کورد نەمردوون و ئێوەش بە زامانی ئارەبی فاتیحا و تەڵقینمان دادەن.

پیرەمێری نەمر دەڵێت:

ناوی پێغەمەر حەمەی رەسڵە.... نوێژمان بە کوردی لای خوا قبوڵە..
گەر ئینکیرەکەی خوا لێم بپرسێ... وای تێدەخوورم کە ئەو بترسێ..
ئەمە دینمە و دینێکی بە هەق... گەر لەسەر بەیتی خۆم بکرێم پڕشەق...

زاگرۆس زەردەشتی
29. 10. 2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.